# با خۆشەویستی بکەین بە ئامرازێ بۆ پێگەیاندنی بنەماکانی نەتەوەیی بۆ میللەتەکەمان

سردار عبدالكريم عبدالله
Srdar24@hotmail.com

**بۆگشت نووسەر و دڵسۆزانی کورد کە باوەڕیان بەوە هەیە تا کوردیش بە قۆناغی ئازادی نەتەوەی و بوون بە نەتەوە دانەڕوات.ناتوانێ هەنگاو بە ئاراستەی پەیامە مرۆڤایەتییەکانی بنێ.ناتوانێ هاوکاری جیدی بکات لە خەبات و تێکۆشان لە پێناو لەناوبردنی چەوسانەوەی چینایەتی و ڕەگەزی.**

**بەشی یەکەم**

وەك ئاشکرایە تا ئێستا بنەماکانی نەتەوەیی لەسەر ئاستی سەرکردایەتی سیاسی و تاکی کورد نەگەیشتۆتە دۆخی ڕسکان، عەقلی سیاسی-نەتەوەیی تاکی کورد پێویستی بە چەندین دامەزراوی کارای تایبەتمەند هەیە لە بوارە جیاجیاکانی وەك:"کەلتوور، سیاسەت، ئایین، خوێندن،ئابووری،...هتد" بۆ جەسپاندن و ڕسکاندنی بنەماکانی(نەتەوە)یەتیمان.

دیارە ڕەخنەی(ڕوخێنەر و بنیاتنەر) هەردووکیان لە قالبە زانستیەکەیاندا پێویستە هەبن،"ڕوخێنەر" بۆ لە ناو بردنی ساختمانی هەڵە و گەندەڵی...هتد،"بنیاتنەر"یش بۆ دروستکردنی کۆمەڵگایەکی هاوچەرخی بەهێز.

من ناڵێم دەم و نوکی قەڵەمی نووسەر و بیرمەند و تاکی کوردی ڕەخنەگر بشکێنین،ئەگەر ڕەخنەی گرت،بەڵکو دەمەوێ بڵێم:"با لە دەممان لە نوکی قەڵەمەکانمان خۆشەویستی ببارێنن،ڕقی پیرۆز دەربڕیین نەك ڕقی بوغزاوی ڕەشی قەترانی، ڕەخنەی زانستی بگرین نەك گێرەشێوێنی،سەدای هاواری ژانی لە دایك بوونی میللەتێك ببین نەك هاروهاژیی دەروونێکی نەخۆشی بۆگەن،دەمی ماچ ببین دەمی لێوبەخەندە نەك دەمی بریین .

کاتێ دەڕوانیتە سایتە کوردییەکان هەستدەکەی هێزێك یان خواستێك هەیە دەیەوێ خوێنەر و نووسەری کورد بە ئاقارێکی وا داببات،کە دژ بە ئاراستەی پێگەیاندنی بیری نەتەوەییە،ئەمەش ئەوەندەی خوێنەرەکان بە شتی لاوەکی سەرقاڵدەکەن، ئەوەندە فێری مەنهەجیەت لە خوێندنەوەیان ناکەن،ئەوەندەی فێری ڕشانەوەیان دەکەن ئەوەندە فێری ڕسانەوە"سرك نە بوونیان"ناکەن ،ئەوەندەی ئارەزووی گەڕان بەدوای پۆخلەوات لای خوێنەر و نووسەر دروستدەکەن ئەوەندە کار بۆ چارەسەر و گەشەپێدانی هوشیاری ناکەن،ئەوەندەی هەوڵی قوڵکردنەوەی کینە و داخە دڵ دەدەن،کەمتر خوێنەر فێری وورد بینی دەکەن تا لە نێوان دێری نووسینەکان شتێ بۆ ئایندە فێربن و مێژووش بە جوانی تێبگەن و ئازادانە بژین و بیربکەنەوە.......هتد.

لێرە دەمەوێ ئەوە بڵێم: ئەم نووسەرانە بەو شێوازەیان مرۆڤی ئازاد پێناگەیێنن،بەچڕ کردنەوەی گیانی کینە تۆزی ئەگەر نەیانکەن بە عەبدی کەسێك ئەوە بەلانی کەم دەیانکەن بە عەبدی کینە و ئارەزووە شەیتانیەکانیان؟!لە دەستدانی ئازادیش هەنگاوە بۆ شتی تر،چونکە مرۆڤی ئازاد هەرگیز خیانەت ناکات،نازانێ درۆ بکات، نازانێ ڕیاکاری بکات....هتد،دیارە ئازادیش بەو مانایە دێ کە ڕزگارت بێت لە هێزی مرۆڤی تر،کەواتە لەم پرۆسەیەدا ئازادی ئەرکێکە بە تەنها کەسێك دەستەبەرناکرێ،بەڵکو بە کۆمەڵێك کەس دێتەدی،بۆ ئەوەی ئەم هێزە پەیدابێ و پێکەوە کاربکەین،دەبێ بەر لەهەموو شتێ لە نێو ئەو کۆمەڵە خەڵکە خۆشەویستی چرۆبکات و هەبێ،کەواتە سەرەتای ئازادبوونمان بە چاندنی یەکەم نەمامی خۆشەویستی دێتە دی،بۆیە دەڵێم: با لە پاڵ هەموو ڕەخنەکانمان،ووشەکانمان خۆشەویستیان بۆ میللەت لێبباری،بۆ مرۆڤ لێبباری .

ئەگەر ئێمەی کورد بمانەوێ وەك"نەتەوە" سەر لە دەریای پڕ شەپۆلی مەرگ دەربێنیین،ئەوە بوونی پەرلەمانێکی"کارتوونی" باشترە لە"نەبوونی"، بوونی"سەرۆکێکی کوردی بە هەموو کەم و کوڕیەکانی" لە لوتکەی دەسەڵات باشترە لە" نەبوونی"،بوونی ڕەخنە لە سەرۆك و پەرلەمانەکی

کرچ وکاڵ باشترە لە ئاهوحەسرەتی ژێردەستەیی،بە بوونی ئەم سەرەتایە و بەبوونی ڕەخنە "زانستیەکانمان" لە کۆتایدا دەتووانیین، سەرۆك و پەرلەمانێکی عەیار بیست وچوار بێنینە کایە،لە ناو لەپی بەتاڵ ناتوانی هیچ وەرگری؟!

من بە هەموو تێبینیەکانمەوە سەبارەت بە پەرلەمان،یاسای سەرۆکایەتی هەرێم و عیراق،..... هتد بەچاوی دوو سەرکردەی حیزب سەیری هەردوو سەرۆکە کوردەکانمان لەم دوو پۆستە مەزنانە ناکەم،ئەم هەنگاوە بە هەنگاوێکی پۆزەتیف دەزانم بۆ بە نەتەوە بوونمان و پێویست ناکات بچووکیان بکەینەوە؟!! وەك لە هەواڵێکدا سەبارەت بە ئامادەبوونی ئەلجەعفەری لە مەڕاسیمی ڕاگەیاندنی سەرۆکی هەرێم،لاپەرەی پەیامنێر ئاماژی بۆ ئەوە کردووە دەنووسێ:"ئەم هاتنەی ئەلجەعفەری بۆ پەرلەمانی کوردستان(بەم بۆنەیە س.ع) ئەوەیە کە رۆژی چوارشەممەی رابردوو بەڕێز جەلال تاڵەبانی سەرۆك کۆماری عێراقی فیدراڵ ً ئامادەی دووەم کۆنگرەی ڕێکخراوی بەدر, باڵی سەربازیی ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی بوو تا ئەوە زەمینە خۆشکردن بێت بۆ هاتنی ئەلجەعفەریی شیعە."ئەمەی جەلال تاڵەبانی دەیکات ڕەخنەیە و رەخنەی تووند،بەڵام لە پاڵ هەر ووشەیەك و هەنگاوەکی مامجەلال تنۆك تنۆك خۆسەویستی بۆ دۆزی شیعە و بۆ دۆزی کورد دەبارێ،ئەم جۆرە هەنگاوانە هەنگاوی زۆر تازە و نوێنە لە عەقلی سیاسەتمەداری کورد، هەنگاوێکە بە ئاراستەیەکی دروست بۆ ڕسکاندنی بنەماکانی بە نەتەوە بوون،هەنگاوێکە پڕاوپڕ لە قوڵکردنەوەی خۆشەویستی،با ئێمەش فێرببین لەپال رەخنە وەك سەرجەم خەڵکی شارستانی گوڵ چەکەنەبکەین نەك کینە؟

**بەشی دووەم:**

کاتێ سەیری ئاهەنگەکانی نەورۆزی ساڵی پار و ئەم ساڵی کوردستانی(تورکیا) دەکەم،کاتێ سەیری وێنەی ئەم پیرەمێردە دەکەم لە ناو بازنەی خەڵوەتی ئازادیخوازان شایی و خۆشەویستی دەبەخشێتەوە و نەك هەر ڕێگا لە کچە چاو گەشەکانی ناگرێ بەڵکو خۆی سەما و شای گەرم دەکات،کاتێ لە دەنگدانەکانی کوردستانی(عیراقیش) بە هەمان شێوە بە هەمان گیان و سۆزەوە بە هەمان کاراکتەرەوە خەڵکی وا دەبینم شەڕی دووژمن بە شایی و بە جلی ئاڵ و والآ دەکاتن،کە هەموو گیانیان رەخنەیە، بەڵام لە پاڵ رەخنەکانیان خۆشەویستی دەبارێنن نەك گوللە ،گۆرانی دەچڕن نەك جنێو، بۆیە هەستدەکەم:

- دەبێ شەرم لە خۆمان بکەینەوە ئەگەربەم شێوەیە ڕەخنەگر نەبیین و دژ بەم ئاوازەی خۆشەویستی بخوێنین.
- شەرم لە خۆمان بکەینەوە ئەگەر رەخنەکانمان لە بەڕێزان مامجەلال و کاك مەسعود و پەرلەمان و هەموو خەڵکێك بە هەمان زمان و شێواز نەبێ.
- باچیتر ئەم و ئەو بە شاباشی ووشە ڕەشەکانی بوغز و کینە ، کانیاوی قیینی ڕەش نەتەقێننەوە،باچیتر بە عەبدایەتمان بۆ ڕابردوویەکی تاڵ، گیانی لێبووردنمان لە گۆڕنەنێین.
- باچیتر سێبەری حیزب باڵ بەسەر پانتایی نەتەوە بوونمان دانەکێشێ.

من لێرەوە لە ناخی دڵمەوە وەك" مرۆڤێك" بەڵام"کورد"وەك"ناڕازییەك لە ناعەدالەتی و نەبوونی سیستەمی دامەزراوەی لە کوردستان "، بەڵام وەك دڵسۆزێك بۆ" نەتەوەیەکی چەوساوە" وەك" یەکەم هەنگاوی دروست"بە ئاراستەیەکی پڕ لە هیوا بۆ "بەنەتەوە بوون"نەتەوەیەك کە بتوانێ بەم هەنگاوەی مەترێك لەو ڕێگا پڕ لە کەند و کۆسپەی بەردەم هەوڵەکان بۆ نەمانی چەوسانەوەی هەزاران مرۆڤ،نەهێشتنی سەدان بێ یاسایی تەخت بکات،پیرۆزبایی لە بەڕێز مەسعود بارزانی و مامجەلال و سەرجام کورد دەکەم،بەوەی کەئیمڕۆ دوو سەرۆکمان هەیە و

سەرۆکێکمان نەك هەر لە کوردستان بەڵکو لەسەرجەم عیراق چەپڵە و خۆشەویستی بۆ سەرۆکەکەی ترمان سەرۆکی هەرێمی کوردستان کۆدەکاتەوە. بائەم شێوازەی ڕەخنە بکەینە ڕێباز و ئەم شێوازەی ئیدارەدانی ناکۆکیەکان بکەینە پیشە.